# **رێنمایی مۆڵەتی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (2013- 2014)**

# **بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای (نفقه خاصه)**

یەکەم :

ئەو مامۆستایەی دەیەوێت لە دەرەوەی وڵات درێژە بە خوێندنی باڵا(ماستەر، دکتۆرا) بدات:-

أ- فۆرمی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە، بە وردی پڕی دەکاتەوە و لەلایەن لایەنی بەرپرسەوە پشت راستدەکرێتەوە.

ب- پێویستە لە 2013/4/25 تاوەکو 2013/6/25 لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە داواکاری پێشکەش بکات.

ج- لایەنی پەیوەندیدار واتە گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان بەر لە 2013/7/1 لیستی ناو و پوختەی راژەو فۆرمی داواکار و پێویستیەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پێشەیی/ بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتی خوێندن بەرزبکەنەوە.

د- لە رێگەی لێژنەی مۆڵەتی خوێندن لە وەزارەت لە 2013/7/1 تاوەکو 2013/7/20 پێداچوونەوە و وردەکاری لەسەر داواکاریەکان دەکرێت و بۆ هەر پارێزگایەك لە 2013/7/20 ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکرێت کە لەبەر رۆشنایی پێویستی وەزارەت و پسپۆڕایەتیەوە بۆ ساڵی خوێندنی دیاریکراو مافی خوێندنیان دەبێت.

دووەم:

هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان دەکرێت، بە مەبەستی زانیاری تەواو لەسەر زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمیەکان، هەروەها لە کاتی پێدانی مۆڵەتی خوێندن، وێنەیەك لە فەرمانەکانیان پێدەدرێت وەکو سەرەتایەك بۆ کردنەوەی (ملف) و لەکاتی بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆیان هاوتا بکرێت.

سێهەم:

مۆڵەتی خوێندن بە پێی پێویستی وەزارەت بۆ پسپۆڕایەتیەکان دەدرێت.

چوارەم:

ئەو مامۆستایەی دوای 2013/7/20 کاندید دەکرێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا پێویستە ئەوبەڵگە و دۆکۆمێنتانە ئامادە بکات، **بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی خوێندن**:-

أ- قبوڵی زانکۆ (لە فۆرمی داواکاری دیاریکردوە)، بە فەرمی کاتی خوێندنی ناوبراو ئاماژەی بۆ کرابێت.

ب- بڕوانامەی بە نمرەی رەسەن یاخود راستبینکراو (بەکالۆریۆس، ماستەر).

ج- پوختەی راژە (کە بە وردی پر کرابێتەوە).

د- کەفالە بە بڕی ئەو موچەو موستەحەقاتانەی وەریدەگرێت، واتە موچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان (بڕوانامە، هاوسەرگیری، منداڵ).

ە- بەڵێنامەیەك پێشکەش بکات، کە دوو هێندەی ماوەی مۆڵەت دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە خزمەتی وەزارەتی پەروەردە دەکات.

و- کۆپی رەنگاو رەنگ لە پاسپۆرت و فیزە.

ز- بەڵێنامەیەکی دەستنووس پیشکەش بکات، کە لە ماوەی (30) رۆژ دەست بەکاربوونی لە خوێندن رەوانە بکات، بە پێچەوانە مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنرێتەوە.

پێنجەم: پسپۆڕی و ژمارەی دیاریکراو بۆ هەر پارێزگایەك بە پێی پێویستی و کێبڕکێ، پاڵێوراوەکان دەکرێت.

شەشەم: **مەرجە گشتیەکانی داواکار**:

1- ئەو کارەی کە فەرمانبەر بەڕێوەی دەبات دەبێت لە پلە(یەك و بەرەو خوار بێت)لە پلە بەندی موچە، کە هاوپێچە بە یاسایی موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (22) ی ساڵ 2008.
2- بڕوانامەی لە یەکێك لە دەزگاکانی خوێندن(مۆسسە تعلیمیە)ی دانپێنراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە بەدەست هێنابێت کە رێگای پێبدات بۆ تەواوکردنی خوێندن لە پسپۆڕی داواکراو.
3- پێویستە مامۆستا (2) دوو ساڵ خزمەتی وەزیفی فعلی و شایستە(خدمە وظیفیە فعلیە مرچیە)ی هەبێت لە پاش دوا بڕوانامە، هەر جۆرە خزمەتێك کە خراوەتە سەر راژەی (الخدمە المچافە)ئەژمار ناکرێت بە پێی یاسای تایبەت.
4- وەربگیرێت لە دەزگایەکی ئەکادیمی باوەرپێکراو و رێگەپێدارو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە.
5- أ/ نابێت تەمەنی کاندید بۆ خوێندنی ماستەر لە (45)چل و پێنج ساڵ تێپەڕی کردبێت.
ب/ نابێت تەمەنی کاندید بۆ خوێندنی دکتۆرا لە (50) پەنجا ساڵ تێپەڕی کردبێت.
6- نابێت تێکڕای نمرەی کاندید بۆ خوێندنی ماستەر لە (65%)شەست و پێنج لە سەدا کەمتر بێت.
7- نابێت تێکڕای نمرەی کاندید بۆ خوێندنی دکتۆرا لە (70%)حەفتا لە سەدا کەمتر بێت.
8- پێویستە بابەتی خوێندنی مامۆستا پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت بەو کارەی کە دەیکات و پسپۆڕی ئەو بڕوانامەیە کە هەڵگریەتی.
9- بنەمای کێبرکێ لەسەر کۆنمرە و بچوکی تەمەن دەبێت(کە لە فۆرمی داواکاری ئاماژەی پێدەدرێت).
10- مۆڵەتی خوێندن موچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان (بڕوانامە، هاوسەرگیری، منداڵ) دەگرێتەوە .
11- کۆرسی زمان (ئەگەر پێویست بکات) لە لایەن زانکۆکەوە دیاری دەکرێت و ماوەکەی لە دەرەوەی ماوەی خوێندنی پسپۆڕیە.

شەشەم:
ئەم رێنماییانە لە رۆژی دەرچونیانەوە کاریان پێدەکرێت.

| | |
|---|---|
| **فرمان قاسم صابر** | **کاوە عمر حمد** |
| **ب. مۆڵەتی خوێندن** | **ی.ب.گ پلاندانان** |
| بریاردەری لێژنە | ئەندام |

**ابراهیم بایز اسماعیل احمد سمایل رحمان برهان عبدالله عادل د. أحمد محمد مام عثمان**
**قەرەنی ب.گ.پەیمانگەکان و مەشقکردن ب.گ.ف. ئامادەیی ب.گ.دیوان**
**راوێژکار**

ئەندام ئەندام ئەندام سەرۆکی لێژنە